کۆلێژی پەروەردەی مەخمور

بەشی زمانی کوردی

قۆناغی سێیەم/ کۆرسی دووەم

# بابەت /  زمانەوانی کارەکی

م.میدیا جەلال مەجید

## ناوەرۆک

## زمانەوانی تیۆری و زمانەوانی کارەکی

## زمانەوانی کارەکی

**مێژووی سەرهەڵدانی زمانەوانی کارەکی**

**لقەکانی زمانەوانی کارەکی**

**زمانەوانی بنەرەتی**

**زمانەوانی کۆمەلایەتی**

**زمانەوانی دەروونی**

**زمانەوانی کۆمپیوتەری**

**زمانەوانی جوگرافی**

**زمانەوانی ماتماتیکی**

**زمانەوانی بایلۆجی**

**زمانەوانی سیاسی ، زمانەوانی فۆلکلۆری، زمانەوانی ئەنثرۆپۆلۆجی،ئیثنۆلۆجی، زمانەوانی کارپێکەرنە، فێرکاری ، پەروەردەیی....**

**گرنگی زمانەوانی کارەکی**

## زمانەوانی دادوەری

بوارەکانی بەکارهێنانی زمان لای لێکۆڵەر

زمانەوانی دەماری

پڕۆگرامکردنی زمانەوانی دەماری

رۆڵی زمان لە پڕۆگرامکردنی بیر :

فێربووونی زمان

فێربوونی زمان لای منداڵ

فێربوونی زمانی دووەم

نەخۆشیەکانی گوتن

نەخۆشییەکانی زمان

فەرهەنگناسی

فەرهەنگسازی


جۆرەکانی فەرهەنگ لەرووی روخسارەوە

جۆرەکانی فەرهەنگ لەڕووی ناوەرۆکەوە

# زمانەوانی تیۆری و پراکتیکی:

## أ- زمانەوانی تیۆری:Theoretical Linguistics

**زانستێکە لێکۆڵینەوە لە بیردۆز و پرۆگرام و دیاریدە زمانەوانییەکان و گەشەی زمانی مرۆڤ بە پێی ئاستەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی لە کۆن و نوێدا لە گشت زمانەکاندا دەکات . سەرەڕای ئەمانەش باس لە ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوە و دەسکەوت و کەموکوڕیان لە زماندا دەکات وەک ڕێبازی مێژوویی و وەسفی و بەراورد و بەرامبەری.**




## ب- زمانەوانی کارەکی: Applied Linguistics

**زمانەوانی کارەکی بوارێکی فراوانی بە کارهێنانی زمانە.قوڵدەبێتەوە بۆ چەندین بواری بەکارهێنانی زمانی زانستی زمان لە ئێستادا تێکەڵ بە جۆرەکانی تری زانست بووە، بەواتایەکیتر دەتوانرێ سود لە زمان وەربگیرێ و هاریکاربێ لەگەڵ زانستەکانی تر.**

**زمانەوانی کارەکی لقی دووەمی زمانەوانییە و سود لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی گشتی وەردەگرێت و لە بواری زمانی دیاریکراو پراکتیزەی دەکات. ئەم لقەی زمانەوانی پەیوەندی نێوان زمان و زانستەکانیتر دەردەخات وەک : فێرکردنی زمان و زمانەوانی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی دەروونی و زمانەوانی جوگرافی و زمانەوانی سیاسی و زمانەوانی ئەنترۆپۆلۆجی ... هتد.**

***زمانەوانی کارەکی : (( بوارێکە لە بوارەکانی زمانەوانی بریتییە لە ئەنجامدانی یان جێبەجێکردنی ئەنجام و شێوازە هونەریەکانی میتۆدی زمانی لە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی بوارێکی نازمانیدا)).**

***زمانەوانی کارەکی : (( بریتییە لەو ئەنجامانەی لە بابەتێکی زمانەوانیدا فێری دەبین یان دەستمان دەکەوێت کاتێک لە بوارێکی نازمانیدا بەکاریدەهێنین)).**

***زمانەوانی کارەکی : (( لقی دووەمی زمانەوانییە و سود لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی گشتی وەردەگرێت و لە بواری زمانی دیاریکراو پڕاکتیزەی دەکات)).**

## -مێژووی سەرهەڵدانی زمانەوانی کارەکی:

**لەڕاستیدا لایەنی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی کارەکی هەرلەسەردەمی (ئەفلاتون و ئەرستۆ) هەبووە، چونکە دەستنیشانی دەنگەکانی زمانیان کردووە لە بواری زمانەوانی پڕاکتیکیدا ، بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین لە سەرەتای لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بابەتی کارەکی هەر هەبووە ، بەڵام بەم شێوەی ئێستا نەبووە، چونکە زمانەوانی پراکتیکی بەشێوەیەکی سەربەخۆ و یا لێکۆڵینەوەی لەسەرنەدەکرا.**

**بەڵام بەگشتی لەدوای سەدەی بیستەم بەشێوەیەکی سەربەخۆ ئەم زانستە (زانستی زمانەوانی کارەکی) سەریهەڵدا، ئەمەش لەوکاتەی کە بیردەکرایەوە بۆ ئەوەی تاقیگەی دەنگی دروستبکرێت بۆ لاسایی کردنەوەی دەنگی مرۆڤ لەوێوە بوارێک سەریهەڵدا بەناوی کارەکییەوە.**

**ئەم زاراوەیە لە ساڵی (1946) بەکارهات و بوو بە بابەتێکی سەربەخۆ لە پەیمانگای فێرکردنی زمانی ئینگلیزی ،دواتر لە ساڵی (1958) قوتابخانەی زمانەوانیی پراکتیکیی لە زانکۆی (ئیدنبرە) دامەزرا و بەناوبانگترین زانکۆ بوو بۆ ئەم پسپۆرییە. ئەم زانستە لە زوربەی زانکۆکانی جیهان بڵاوبووەوە لە ساڵی (1964) یەکێتی نێودەوڵەتی زمانەوانیی پراکتیکیی دامەزرا (Association Interationale de Linguistiquee) و کۆمەڵەی نیشتیمانیی زانستی زمانەوانی پراکتیکیی لەخۆگرت. ئەم یەکێتییە سێ ساڵ جارێک کۆنگرەی خۆی دەبەستێت و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری لەو بوارە پێشکەش دەکرد .**

**ساڵی (1960) بەسەرەتای گرنگی سەرهەڵدانی زمانەوانی کارەکی دادەنرێت ، چونکە کانگای لێکۆڵینەوەی بواری زمانەوانی کارەکی بوو ، بەتایبەتی لەئەنجامی کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی**

**دووەم، لەبەر ئەوە زاناکان وایان بیردەکردەوە کە یەکێک لە هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان میللەتاندا تێنەگەیشتنە لە یەکتر ، هەر لەبەر ئەوە هەوڵیاندا تەکنیکی فێرکردنی زمان بۆ خەڵک ئاشکرا بکەن ، وە باشترین پرۆگرام و ڕێگا بدۆزنەوە بۆ فێرکردنی زمان ، هەروەها بەتەوژمێکی زۆر توند فێربوونی زمانی دووەم بایەخی پێدرا و خرایە ناو خوێندنی زانکۆیی.**

**لەلای کورد زانستێکی تازەیە و دەکرێ بڵێین لەناوەڕاستی (80)کانی سەدەی (20)ەم دەستیپێکرد . لە ساڵی (1995) وەکو بابەتێکی زمانەوانی لە زانکۆی سەلاحەددین گرنگی پێدرا و خرایە نێو بەرنامەی خوێندەوە.**

**ئەم زانستە لە زۆر بوار و توێژینەوە بەکارهات بەتایبەتی لەو بوارانە:**

- **زمانەوانی کارەکی گرنگی بە نەخۆشیەکانی گوتن دەدات و چارەسەری گونجاویان بۆ دەخاتە ڕوو**

**کاتێک پسپۆرێک هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی گۆکردن دەدات لە منداڵێکی تەمن (4) ساڵیدا پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە لەو هۆکارانەی کەوا بۆتە هۆی فێربوونی ئەو منداڵە (4) ساڵیە قسە کردنی بە زمانی دایک.**

- **زمانەوانی کارەکی گرنگی بە فێرکردنی زمان دەدات.**
- **هەوڵدەدات بنەما تیۆریەکانی زمان بەکارەکی بکات.**
- **ئامانجی زمانەوانی کارەکی ئەوەیە باشترین ڕێگا و تەکنیک بدۆزێتەوە لە بواری گەشەکردنی فێربووندا.**
- **گرنگی بە کۆکردنەوەی داتا دەدات لەچوارچێوەی کاری مەیدانیدا.**

**زمانەوانی تیۆری و کارەکی چەند جیاوازییەک لە نێوانیاندا هەیە گرنگترینیان بریتین لە:**

**-دانانی تیۆر لە زمانەوانی تیۆری و پراکتیزەکردنی لە زمانەوانی کارەکی.**


**-زمانەوانی کارەکی بەرجەستەکردنی زمانەوانی تیۆرییە و پێشنیارەکانیی زمانەوانی تیۆری پراکتیزە دەدات.**

**-گرنگی بە پرۆسەی وەرگرتنی زمان دەدات و زمانەوانی کارەکی لە روانگەی بەکارهێنانەوە لە پرۆسەی وەرگرتنی زمان دەڕوانێت.**

**- زمانەوانی کارەکی جێگرەوەی جۆری راسپاردەکان دەخاتەڕو بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی زمان .**

## **لقەکانی زمانەوانی کارەکی :**

**زمانەوانی زانستێک نییە بەتەنها، بەڵکو لە کۆمەڵێک زانستی تر پێکهاتووە هەموو ئەو زانستانەش لە زمانەوانیدا کۆدەبنەوە. زمانەوانی وەک هەر زانستیکی تر لە ڕێگەی پەیوەندیکردن و سوود وەرگرتن لە زانستەکانی تر و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرفراوانتر دەبێت و لقی زیاتری لێدەبێتەوە. (ژان پیتار- j.petart) ) لە هێڵکاریەکدا پەیوەندی زمانەوانی بە زانستەکانی ترەوە لە ڕێگەی بەکارهێنان و تێکچڕژان و وەرگرتنەوە ڕووندەکاتەوە.**




**١- زمانەوانی بنەڕەتی**

**ئەم لقەی زمانەوانی لە بنەڕەتی زمان دەکۆڵێتەوە هەوڵدەدات بۆ ئەوەی بزانێت لە سەرەتادا زمان چۆن پەیدا بووە ، مەبەستی تاکە زمانێک نییە مەبەستی زمان بە گشتییە.**

**٢ -زمانەوانی کۆمەلایەتی :(Sociolinguistics) سۆسیۆزماننناسی**

**لە وە دەکۆڵێتەوە کە کۆمەڵ و پێکهاتەکانی چ کاریگەرییەکیان لە سەر زمان هەیە و بە پێچەوانەوەش، واتە زمان چ کاریگەرییەکی لە سەر پێکهاتە کۆمەلایەتییەکانی دیکە هەیە.**

سۆسیۆزماناسی لە ڕاستی دا بە شوێن وەڵامی زۆر پرسیار دا دەگەڕێ کە نەک هەر بۆ سۆسیۆزماناسەکان، بەڵکو بۆ زۆربەی خەڵکی ئاساییش سەرنجراکێشن. بۆ نموونە هەندێک لەو پرسیارانە بریتیین لە مانە: جیاوازیی لە نێوان کوردی ڕۆژهەلاتیی و کوردی رۆژئاوای دا چییە؟ ئایا ئەم دوو شێوەئاخاوتنە ئەوەندە لێک جیاوازن کە بە دوو زمان بناسرێن، یان دوو دیالێکتی یەک زمانن؟ جیاوازیی لە نێوان قسەکردنی ژن و قسە کردنی پیاو دا چییە؟ ئایا قسە کردنی ئەم دوو ڕەگەزە کاریگەرییان لە سەر بەردەوام بوون یان نەبوونی پێگە و پلەی کۆمەلایەتیی ئەم دوو رەگەزە ، بەم شێوەیەی کە هەیە یان بووە، هەیە یان نا؟ سۆسیۆزماناسی لە پەیوندییەکانی زمان و چینە کۆمەلایەتییەکان، زمان و خوێندەواریی یان نەخوێندەواریی، زمانە خۆڕسکەکان یان زمانە موتوربەکان، گۆڕینی زمان، مردن و کوشتنی زمان، پلان دانان بۆ زمان، مافی زمانیی، سەرکوتکردنی زمانەکان، زمانی زگماک و زمانی زێدە، یەکزمانە یان چەند زمانە ..هتد دەکۆڵێتەوە. بە کورتی پێوەندیی دیاردەکان و لایەنەکانی کۆمەلایەتی لە گەڵ زمان و کاریگەری دوولایەنەی ئەم دوو دیاردە مرۆڤایەتییە، بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوە لە بواری سۆسیۆزماناسی دان.ئەم زانستە جگە لەو کارانە زمان وەک گشت دیاریدەکانیتر لە سەرهەڵدان و گەشە و دابەشبونی زمان بۆ چەند زارێکی جیاواز . زمانەوانی کۆمەلایەتی لێکۆڵینەوەی خۆی لە روانگەی کۆمەلایەتییەوە بە پێی ئاستەکانی دەنگسازی و وشەسازی و رستەسازی و واتاسازی دەکات . هەوڵدەدات ئەو یاسا و رێسا کۆمەلایەتیانە دەربخات کە رونکردنەوە و رێکخستن بۆ رەفتاری زمان و تاک دەکەن لە پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵگا . لەو هۆکارانە دەکۆڵێتەوە کە وادەکات یەکێ لەم زارانە ببێتە زمانی ستاندەرد . هەروەها جیاوازی نێوان زمانی نوسین و قسەکردن لێکدەداتەوە . سەرەڕای ئەمانە کارتێکردنی زمان لەسەر پەیوەندی کۆمەلایەتی لێکدەداتەوە.

زمان ناسنامەی کۆمەلایەتی قسەکەر دەردەخات و لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانین بریار بدەین قسەکەر خەڵکی کوێیە و لە چ بارێکی دەروونیدا دەژی و هەستی بەرانبەر بابەتی قسەکە و گوێگر و دەوروبەری چییە و سەر بە چ چینێکە و ڕادەی خوێندەواری چەندە.

زمان مرۆڤ و دەوروبەری بەیەکەوە گرێدەدا و لەهەمان کاتیشدا ڕەنگدانەوەی ئەو بارە کۆمەلایەتییەیە کە قسەکەران تێیدا دەژین، بەڵگەشمان ئەو وشە و زاراوانەیە کە، بێ بەستنەوەیان

به باری کۆمەڵایەتی خەڵکەوە لێکنادرێنەوە، بۆ نموونە چەندین وشەی وەک: (مسکین و ڕەنجدەر و...هتد)

**پێڕەوێکی کۆمەڵایەتی پێکدێنن و لە دەرەوەی ئەو پێڕەوە واتایان لێکنادرێتەوە.**

بەم پێیە زمانەوانی کۆمەڵایەتی هەوڵەکانی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە زمانی مرۆڤ لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و ڕەنگدانەوەی زمان لەناو کۆمەڵدا .

-بوارەکانی زمانەوانی کۆمەڵایەتی :

1 -زانستی زارە کۆمەلایەتییەکان.

2 -جۆراوجۆری زمان.

3 -زمان و دیاردە کرمەڵایەتییەکان.

4 -زمان و کۆمەڵ .

5 -لێکۆلینەوەی دەقەکان .

6 -جووت زمانی و فرە زمانی...هتد .

٣- زمانەوانی دەروونی (Psycholinguistics) :

ئەم بەشەی زمانەوانی لە چۆنیەتیی فێربوونی زمان لە لایەن مرۆڤە وە ودەوری مێشک و هزر لەو پرۆسەیە دا دەکۆڵێتەوە بۆ نموونە ئەو بەشە دەیەوێ ڕوونی بکاتەوە کە بۆچی ئێمە زمان فێر دەبین و چۆن؟ بۆچی ئاژەلان ناتوانن وەکو مرۆڤ فێر بن؟ مێشکی ئێمە چ توانایەکی هەیە کە منداڵێکی 4 ساڵانە، تەنانەت کەمتریش، بتوانێ ئەم هەموو یاسا و دەستورانەی زمان فێر ببێت؟ ئایا منداڵێک ئەم یاسایانە لە بەر دەکا، بە هۆی پرۆڤەوە ؟ ئەم لقەی زمانەوانی زۆر لە فێربوونی زمان لە لایەن منداڵەوە دەکۆڵێتەوە و گەرەکیەتی هەموو ئەو یاسا هزرییانە بدۆزێتەوە کە یارمەتی منداڵێک دەدەن کە زمانەکەی فێر بێ. بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانەش سایکۆزماناسەکان لە قسەکردنی منداڵەکان لە لە شێوەی قسەکردنی ئەو کەسانەی کە تووشی

زەربەی مێشکیی بوون(ئەیفەیژا)، وە هەروەها لەو کەسانەش کە گرفتی خوێندنەوەیان هەیە(دیسلاکسیا) دەکۆڵنەوە.

زمانەوانی دەروونی زمان وەک دیاردەیەکی تاکەکەسی لێکدەداتەوە، لە پەیوەندی نێوان قسکەرو قسەکەی دەکۆلێتەوە ، هەروەها دۆزینەوەی هۆکارەکانی نەخۆشییەکانی زمان و کەم و کوری ئاخاوتن و پەیوەندی نێوان زمان و بیرو پلانی قسەکردن و هەروەها کاردانەوەی ئەو هۆکارە دەروونیانەی کە لە کارلێکردن دێتە ئاراوە هەروەها ئەرکی لێکۆلینەوە لە رەفتاری ئەو کەسانەی کە لەکۆمەلگایەک دەژین چۆن زمانەکانیان کاریان لە رەفتارو دەروونی کەسەکان کردووە.

شێوازی کەسێک تەنها بریتی نییە لە بیری کەسەکەو هەست و سۆزی، بەڵکو کەسێتی خودی کەسەکەیە، هەموو شێوازێک وێنەیەکە تایبەت بە خاوەنەکەی، تیایدا رێگەو چۆنییەتی بیرکردنەوە و روانینی بۆ شتەکان و لێکدانەوەیان و سروشتی هەلچونەکانی دەردەکەوێت . ئەمەش وادەکات لە پەیوەندی زمان بەتاکەوە بگەرێینەوە بۆ کەسایەتی تاکەکە تا زیاتر لە زمانەکە بگەین و باشتر لێی تێبگەین .ئەم تیۆرە خۆی بە دووردەگرێت لە دیاریکردنی کەسایەتی بۆ مرۆڤ، هەوڵدەدات کۆمەڵێک خەسڵەت بۆ مرۆڤ بدۆزێتەوە.

-بوارەکانی زمانەوانی دەروونی :

١- نەخۆشییەکانی گوتن.

٢ -زمان و بیر.

٣ -وەرگرتنی زمان

٤ -نەخۆشییەکانی زمان .

## ٤- زمانەوانی کۆمپیوتەری (Computational linguistics) :

بە کۆمپیوتەرکردنی زمانی مرۆڤ، ئەم لقەی زمانەوانی، لە زۆر زانستگە لەوانەیە سەر بە زانکۆی دەروونناسیی یان زانکۆی کۆمپیوتەرەوە بێ، لەوە دەکۆڵێتەوە کە چۆن دەکرێ بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ئەو کارانەی زمان کە بە مێشک دەکرێن بە کۆمپیوتەر بکرێن، بۆ نموونە وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، لێکدانەوەی دەق، تایپکردنی ئەو شتەی کە بە قسە دەگوترێ و لە ڕێگای میکرۆفۆنێکەوە دەدرێ بە کۆمپیوتەر. بەشێکی گرینگ و پڕداهاتی ئەم بەشەی زانست بریتییە لە ڕێکخستنی بەرنامە کۆمپیوتەرییەکان بۆ فێربوون و فێرکردنی زمانی تر بە تایبەت زمانی ئینگلیزی. ئاشکرایە کە زۆرێک لەم کارانە هەر ئێستا بە کۆمپیوتەر دەکرێن.

## ٦- زمانەوانی بایلۆجی :

ئامانجی سەرەکی ئەم زانستە زانین و تێگەیشتنە لە پەیوەندی نێوان ئەرکی زمان و ئەرکی بایلۆجی لە مێشکی مرۆڤ . بۆئەوەی سود لەو زانیاریانە وەربگرین بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی گوتن. هەروەها لەم بوارەدا هەولدراوە هەندێ لە ئاژەلان فێری زمانی قسەکردن بکرێن. جگە لەمانە لە راستی ئەوە دەکۆلێتەوە ئایا مێشکی مرۆڤ چەند بەشەو کامە بەشیان بەرپرسە لە زمان ؟ هەروەها ئایا مندال فێری زمانی دایک دەبێ یان زمانی دایک گەشەیەکە لەنێوان ئەرکی زمان و ئەرکی بایلۆجی .

کۆئەندامی ئاخاوتن بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەشداری لە کاری ئاخاوتن دەکەن. هەریکە تەواوکەری پێشویەتی بۆیە هەرکەم و کوری و سستی و ناتەواویەک لەهەریەکێکیان هەبێت دەبێتە مایەی ناتەواوی ئاخاوتنەکە . چۆنییەتی جوڵەی سییەکان چونەژورەوەو هاتنەدەرەوەی هەوا لە سییەکان کە بە ڕێرەوی ئاخاوتندا دەروات ، واتە بە بۆری هەواو قورگ و کۆئەندامی زار تێدەپەرێت، دەبنە هۆی دروستبوونی دەنگە جیاجیاکانی زمان . هەر کەم و کورییەک لەم ئەندامانە دەبێتە هۆی ناتەواوی لە شێوەی درکاندنی دەنگەکان . بۆ چارەسەری کێشەکانی بەردەم ئاخاوتن و هەرکەم و کوریەک لە شێوەی گۆکردنی دەنگەکان پێیان وایە دەبێت شارەزاییەکی تەواومان هەبێت ئینجا بە

ڕێگەی نەشتەرگەری بێت، یاخود هەر ڕێگایەکی تر بێت. زمان چەند بنەمایەکی بایلۆجییان هەیە کە بریتیین لە :

1 -کۆئەندامی دەمار.

2 -کۆئەندامی دەنگی.

3 -کۆئەندامی بیستن.

**کۆئەندامی دەمار لای مرۆڤ لە دوو بەشی سەرەکە پێک دێت :**

1 -**چێوە کۆئەندامی دەمار:** بەهەموو چواردەوری لەشدا بلاوبۆتەوە ئەرکی چێوەکۆئەندامی دەمار بریتییە لە گواستنەوەی <u>زانیارییە هەستییەکان</u> لە بەشەکانی لەشی مرۆڤ بۆ دەماغ، بە پێچەوانەوەش گواستنەوەی <u>زانیارییە جوڵەییەکانە</u> لە دماغەوە بۆ ماسولکەکانی لەش .

2 -کۆئەندامی دەماری ناوەند :

أ- درکە پەتک : ناوەندێکە لە نێوان دەماغ و ئەندامەکانی تری لەشی مرۆڤ بەتایبەتی هەستەوەرەکان و دەست و قاچ و ماسولکەکانی .

ب- مێشک: یەکێکە لە گرنگترین و هستیارترین ئەندامانی کۆئەندامی دەماری و بە سەنتەرو مەلبەندی ڕێکخستنی وەلامدانەوە خۆویست و ورياکەرەوە هەستییەکان دادەنرێت ، سەرەرای مەلبەندی کۆنترۆلی جولە خۆویستەکان و ناوچە هستییەکان وەک بینین و بیستن.....هتد .

**٧- زمانەوانی جوگرافی:**

ئەرکی ئەمجۆرەی زمانەوانی لێکۆلینەوەیە لە گۆرانکاریە زمانییەکان لە ماوەیەکی دیارکراو . بێ ئەوەی گرنگی بە بنەمای مێژوویی ئەم گۆرانکاریانە بدرێت هەروەها گرنگی دەدات بە ئەتلەسی زمانەوانی و بۆ دەرخستنی دابەشبوونی جوگرافی دیاردەکان. زمانەوانی جوگرافی گرنگی بە چەند

ڕەهەندێکی تری وەک کەلتوری و پیشەیی لە ناوچەیەکی جوگرافی دەدات . ئەم گۆران و دیاردە جوگرافیانە دەتوانن ناو بنێین زاری کۆمەلایەتی کە لە ئەنجامی کارلێکردنی ڕەهەندی جوگرافی و ڕەهەندەکانی تر دێتە ئاراوە . بەم پێیە زمانەوانی جوگرافی و زانستی زارەکان لەیەک دەچن .

**٨- زمانەوانی ئەنثرۆپۆلۆجی: (Anthropological Linguistic) :**

**ئەم زانستە زمانی مرۆڤ و تایبەتمەندی مرۆڤ بەگشتی بەیەک دەبەستێتەوە وەک تایبەتمەندی بایەلۆجی کەلتوری بە پێی کات و شوێن . لە مێژووی گەشەکردنی ڕەگەز واتە زانستی مرۆڤ دەکۆلێتەوە. واتە ئەو گەشەیەی کە بەسەر مرۆڤدا دێ لەسەرەتای ژیانیەوە تامردن .هەروەها کارتێکردنی گەشەی مرۆڤ لەسەر گەشەی زمان . واتە زمانە سەرەتاکان چی بوون چۆن بەکارهاتوون بە پێی ئەو گەشەو گۆرانەی بە درێژایی مێژوو بەسەری دا هاتووە .**

**هەروەها لەم کێشانەش دەکۆڵێتەوە کە پەیوەندی دێرینی کۆمەڵگەی سەرەتایی لە لایەک و کۆمەڵگەی پێشکەوتوو بە زمانێکیترەوە. هەروەها سیستەمی دەنگی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو لەگەڵ سیستەمی دەنگی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو چۆن بووە.**

**٩ -زمانەوانی ماتماتیکی :**

**ئەم بابەتەی زمانەوانی لە پەیوەندی زمانی مرۆڤ بە ماتماتیکەوە ئاشکرادەکات و لەسەر بناغەیەکی ماتماتیکی لە زمان دەکۆلێتەوە ، هەروەها چۆن لە نێوان 0-9 گەورەترین ژمارە دروست دەبێ ئاوا دەتوانین لە نێوان ئەو ژمارە دیاریکراوەی فۆنیم دەتوانین بێ سنور وشە دروست بکەین .**

**-زمانەوانی ماتماتیکی لە ئاستی دەنگسازیدا: دەنگی بزوێن ژمارەیان ٨ دانەیە ،دەنگی نەبزوێن ژمارەیان ٢٩ دانەیە. ئەم دەنگانە وەک کردەیەکی ماتماتیکی لێک دەدرێن ،ئەم دەنگە بزوێن و نەبزوێنانە لێکدەدرێن برگە دروست دەکەن، بەپێی دەستوری زمانەکە.**

-زمانەوانی ماتماتیکی لە ئاستی وشەسازیدا: هەر بەشێکی ئاخاوتن وەرگرین دەبینین کردەی زمانەوانی ماتماتیکی بەشێوەیەکی زۆر فراوان تێیدا بەکاردێت، بەتایبەتی بەشەکانی ئاخاوتن لەرووی پێکهاتنەوە. بەشەئاخاوتنی ناو : ئاسن+گەر= ئاسنگەر...ناوی سادە +ناوی سادە= ناوی لێکدراو : مار+ماسی= مارماسی . کور+ەکە= کورەکە.....

-زمانەوانی ماتماتیکی لە ئاستی رستەسازی: لە رستەسازی گرێی ناوی ،گرێی کاری ، گرێی بەند .کەرسەی لاوەکی و کەرسەی سەرەکی ..رستەی سادە+ئامراز+ رستەی سادە = رستەی لێکدراو. ئازاد زیرەکە بەلام ناخوێنێ. ....

-زمانەوانی ماتماتیکی لە ئاستی واتاسازیدا: سیما جیاکەرەوەکانی واتا ئەم هێمایانە دەگرێتە خۆ : ئافرەت : +مێ+هەراش+ شوی کردووە . هەروەها دژواتاکان بە هێمای: درێژ * کورت.

پاک=خاوێن=پاقژ . پور= میمک=پلک

## ١٠- زمانەوانی سیاسی :

ئەرکی ئەم زمانەوانییە گرنگیدانە بە لێکۆلینەوە لە گوتارو نوسینی سیاسی کە لە بۆنە فەرمییەکان و نا فەرمییەکان بە کاردێن.

لقێکە لە زمانەوانی کۆمەلایەتی بەلام لەبەر گرنگی بۆتە لقێکی سەربەخۆ ئەرکی ئەم جۆرەی زمانەوانی هەولدانە بۆ پالپشتکردنی زمانی ستادارد و بەهێزکردنی بە مەبەستی یەکخستن و پاککردنەوەی لە وشەی بیانی و زارەکان .

## ١١- زمانەوانی ئیثنۆلۆجی :

لە پەیوەندی نێوان زمان و کەلتور دەکۆلێتەوە بۆ تێگەیشتن لە کۆمەلگا ، لێکۆلینەوە لە زمان بۆخۆی دەکات و بەو پێیەی زمان گوزارشتە لە وەچەو رەگەزی مرۆڤ وەیا گەل و کەلتورێکی دیاریکراو . هەروەها گرنگ بە زمانی کۆمەلگا سەرەتاییەکان دەدات وەک هیندییە سورەکانی ئەمریکا.

### ١٢- زمانەوانی ئاماری Statistical :

ئەو زانستەیە کە شێوازی ئاماری بەکار دەهێنێت لێکۆڵینەوەکانی زماندا. واتە بە ئامار دێتاکان دەخاتە روو شیان دەکاتەوە.

### ١٣- زمانەوانی دەق Text Linguistics :

ئەمە لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی کە لێکۆڵینەوە لەسەر دەقی نووسراویان گوتراو دەکات وەک پارچەیەکی وەسفی یان دیمەنێکی شانۆگەری یان گفتوگۆیەک. هەروەها بایەخ دەدات بە شێوازەکانی ڕێزکردن و ڕێکخستنی دەق و پەیوەندی پارچەکانی دەق بەیەکەوە بۆ گەیاندنی واتا.

### ١٤- زمانەوانی پەروەردەیی Educational Linguistics :

لقێکە لە زمانەوانی کارەکی لە پەیوەندی نیوان زمان و پەروەردە و زمان و فێرکردن دەکۆڵێتەوە. ئەم زاراوەیەش لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەکارهاتووە بۆ ئاماژە کردن بەم لقە لە زمانەوانیدا.

### ١٥- زمانەوانی فێرکاری Pedagogical Linguistics :

لقێکە لە زمانەوانی گرنگی دەدات بە چاککردن و بەرەو پێش بردنی توانایی فێربوون لای قوتابییان و مل و کەچ کردنی بە گەشەی فێرکردن لە قوتابخانەکان و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە رووبەرووی فیرکردن دەبنەوە. لەم بوارەدا چەندین ڕێگا پێشنیاز دەکات بۆ فێرکردن بە پێی گەشەکردنی قوتابخانە زمانەوانییەکانەوە.

**١٦- زمانەوانی فۆلکلۆری Folk Linguistics :**

**لێکۆڵینەوەی چەمکە باوەکانی زمانە لە ناو کۆمەڵگای زمانی لە بیرو بۆ چوونەکانی جەماوەر بە تایبەتی ئەوانەی پسپۆڕ نین لە بواری زماندا دەکۆڵێتەوە .**

## پرۆگرامی زمانەوانی دەماری N.L.P

**زانستێکی ڕەفتارییە کە تێور و شێواز و تەکنیکت پێشکەش دەکات لە پێناو گۆڕان و کاریگەری یان نموونەیەکی ڕەفتارییە شارەزایی و تەکنیکیت پێ دەبەخشێت.**

**ئەو زانستەیە لێکۆلینەوە دەکات بۆ گەیشتنن بە وەڵامی ئەو دوو پرسیارە :**

**چیمان دەوێت؟ چۆن دەتوانین بەدەستی بهێنین ؟**

**ئیبراهیم ئەلفەقیە دەڵێت: کاریگەری زمانە لەسەر مێشک و ڕەفتارەکانی مرۆڤ.**

**-دکتۆر تاد جێمس: لێکۆلینەوەی بابەتیانەیە دەربارەی شارەزایی یان تاقیکردنەوە کە چۆن کاریگەری دەکەینە سەر ڕەفتار.**

**زاراوەی پرۆگرامی زمانەوانی دەماری:(N.L.P)**

**– Nدەمار:**

**ئاماژە بۆ کۆئەندامی دەمار دەکات کە پێنج هەستەکان لە خۆدەگرێت، کە هۆکارە بۆ کارپێکردنی هەموو هەست و جەستەی مرۆڤ.**

**-L زمانەوانی:**

تواناى سروشتى تاكە بۆ بەكارهێنانى زمان، زمانى گوتراو و زمانى جەستە. تاوەكو شێوازى بيركردنەوە و بيرورِا بدۆزێتەوە.

– P پرِۆگرامكردن:

دەستبەسەرداگرتنى هزر و بير و هەستەكانى مرۆڤ بەرەو باشتر. ئەو توانستەيە كە تواناى دۆزينەوە و بەكارهێنانى پرِۆگرامە عەقلييەكان دەگرێتەوە لە عەقلمان، كە لە پەيوەندى كردنەكانماندا لەگەڵ كەسانى تر بە بێ ئاگايى بەكاريدەهێنن لەرِێگاى ئەم پرِۆگرامكردنە زمانى عەقل بەكار دەهێنين بۆ گەيشتين بە ئەنجامێكى بەهێز و باش. لێكۆلينەوەكان سەلماندويانە كە لەسەدا نەوەدى پرِۆگرام كردنى مرۆڤ لە نێوان لە دايك بوون و ساڵى حەوتەم دا دەبێت لە نێوان سالانى (7 - 18)دەگاتە سەدا سەد.

پرۆگرامكردنى زمانەوانى دەمارى بيرۆكەى لەسەر ئەوە دامەزراوە، كە دەتوانى هەموو كارێك ئەنجام بدەى ئەگەر بزانى ئەقڵت بە بەرنامەى بەسوود پرۆگرام بكەى واتە دەبێت بەرنامەى گونجاو بخەينە مێشكمان، تاكو بتوانين بە شێوەيەكى كاريگەر بەكارى بێنين و بگەينە ئامانج.

كەواتە ئەو پەيامەى كە دامان ناوە و دەمانەوێ بيرمانى پێ پرۆگرام بكەين ،

دەبێت هەستێكى بەهێز پاڵپشتى پەيامەكەت بكات تاوەكو عەقلى ناوەوە وەرى بگرێت.

دەبێت پەيام دووبارە و سێ بارە بكرێتەوە تاوەكو عەقل پرِۆگرام دەبێت.

وە پەيامەكە باش و پۆزەتيڤ بێت.

ئەو هێزە راستەقينە و توانايەى كە هەر تاكێك هەيەتى كە بە هۆيانەوە دەتوانێ جۆرەكانى ژيانى بگۆرِێ لەرِووى بيركردنەوە و رِەفتارەوە.

**پرۆگرامی زمانەوانی دەماری بایەخ بە دۆزینەوەی چەشنەکانی مرۆڤ لەڕووی بیرکردنەوە و هەستەکانەوە دەدات. دەتوانێ بگاتە ئەوەی کە دوای پڕۆگرامکردنی تاکێ لە تاقیکردنەوە بەتەواوی کەسایەتیەکەی بگۆڕێ.**

**هەروەها توانیویەتی بارەکانی ئەندێشەی مرۆڤ بپێکێ و بیاندۆزێتەوە، تەنانەت لە حاڵەتی نەرێنیشەوە بیانگۆڕێ بۆ حاڵەتی ئەرێنی.**

**لە بواری چارەسەرکردنی هەندێ نەخۆشیدا زۆر سەرکەوتوو بووە،لەوانە (ترس لەشوێنی بەرز، خەمۆکی، گەشکە).**

**مێژووی پرۆگرامی زمانەوانی دەماری:**

**پرۆگرامکردنی زمانەوانی دەماری کاری هاوبەشی چەند زانایەک بوون لەوانە: دکتۆر ) جۆن تۆماس گریندر (**Gohn Thomas Grinder 1939 **کە دکتۆرای هەبوو لە زمانەوانی لە زانکۆی (کالیفۆرنیا) و دواتر وەک پرۆفیسۆرێک لە بواری زمانەوانی لە زانکۆی) سانتاکرۆز (**Santa Cruz**دامەزرا لە (کالیفۆرنیا)، لەم ماوەیەدا چەند لێکۆڵینەوەی گرنگی لە بواری زمانەوانی پێشکەشکرد. لە ماوەی کارکردنی پەیوەندیکرد بە دکتۆر ( ریچارد باندلر** 1950**)، کە فێرخوازی خوێندنی باڵا بوو لە دەروونناسی و پسپۆر بوو لە بواری بیرکاری و پرۆگرام دارێژی کۆمپیوتەر بوو و ئارەزوومەندی بیستن و رۆنانی نموونەی ئاخاوتن بوو، داوای لە دکتۆر (گریندر) کرد هاوبەشی لێکۆڵینەوەکانی بکات و بە ئەزموونەکانی زۆر سەرسام بوو.**

**رۆڵی زمان لە پرۆگرامکردنی بیر :**

**مرۆڤ لە رێگای زۆر سەرچاوە پرۆگرامکراوە و لە قۆناغی تەواوی پرۆگرامکردن بۆتەوە، جا ئەگەر سەرچاوەکان باش بوون، ئەوا ئەویش باش پرۆگرامکراوە و ئەگەر خراپیش بوون ئەوا خراپ پرۆگرامکراوە، دکتۆر (هلسمتر) پێی وایە چیت چاندبێت ئەوە دەدوریتەوە، (ئیمرسۆن) پێی وایە ئێمە دەگۆڕێین بە ئاراستەی بیرکردنەوەکانمان، جا ئەگەر بە شێوەی رێکەوتیش شبێت**

**ئێمە وازمان لە بیرکردنەوە هێنا ئەوا بەشێکی زۆری کۆنترۆڵی هۆش لە دەدەست دەدەین .ئامرازی ئەم پرۆگرامکردنەش زمانە کە خۆی لە بەکارهێنانی دەگرێتەوە بە شێوەیەکی کارا لە هەڵبژاردنی وشە و رستە و تەکنیکی زمانی.**

**بنەماکانی پرۆگرامکردنی بیر:**

**بنەماکانی پرۆگرامکردنی زمانەوانی دەماری بریتین لە** (5) **بنەما:**

**ا- ئامانج:** Outcome

**دەبێت لەخۆمان بپرسین چیمان دەوێ ؟**

**ب- بیرتیژی هەست:** SENSORY ACUITY

**دەبێت وردبین لە تێبینیکردن و بەئاگایی و لە بەکارهێنانی هەر پێنج هەستەکانمان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری.**

**ج- خابوونەوە** FLEXIBILITY

**دەبێت نەرمبین و توانای ئەوەمان هەبێت خۆمان بگونجێنین لەگەڵ بارودۆخ و کێشەکان، بەڵام نابێت ئامانج لەبیر بکەین.**

**د- کارکردن و دەستپێشخەریکردن** : TAKE ACTION

**واتە هەڵسان بە هاویشتنی هەنگاوی یەکەم بەرە و ئامانج .**

**ە- ئامادەباشی جەستەیی و دەروونی** & .OPERATE FROM PHYSIO PSYCHO**جەستەو دەروون تەواکەری یەکترین بۆیە پێویستە ئامادەباشی تەواومان هەبێت بە باشترین شێوە.**

**سوودەكانی زمانەوانی دەماری:**

١-بە چ ڕێگایەک بیردەکەیتەوە بۆ بەکارهێنانی لەکاتی پێویست.

٢-زاڵبوون بەسەر هەستەکان.

٣- چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەی کە دەتەوێ

٤- خێرا ڕازیکردنی بەرامبەر.

٥-زانینی ستراتیژیەتی سەرکەوتن.

٦-رزگاربوون لە ترس باری لە ناکاو .

**بوارەكانی زمانەوانی دەماری:**

لە زۆربەی بوارەکاندا ئەم زانستە دەتواندرێت بەکار بهێندرێت بە تایبەت ئەو بوارانەی کە مرۆڤ زمانی تێدا بەکار دەهێنێت:

١- بواری پەرەپێدانی کەسایەتی.

٢- بواری تەندروستی

٣- بواری فێرکردن .

٤- بواری بانگەوازی.

٥ -بواری کارگێری.

# زمانەوانی دادوەری: (Forensic Linguistics)

چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان گرینگی خۆی هەیە، لێکۆڵەر دەتوانێ ئەو شێوازە زمانە بەکار بهێنێت کە پێویسی پێیەتی. زمانەوانی دادوەری سود لە فەلسەفەی بەکارهێنانی زمان وەردەگرێت و خزمەتی دادگا دەکات لە بەئەنجام گەیشتنی لێکۆڵینەوەکان دا. ئەمانەش بە کەڵک وەرگرتن لە واتاسازی وفۆنەتیکی وشیکردنەوەی گوتارو پڕاکماتیک وزمانەوانی کۆمەڵایەتی. لێکۆڵینەوە لە ڕووی زمانەوانییەوە گەڕانە بەدوای گەیشتن بە دەرئەنجامی ڕاستی لێکۆڵینەوە.

-ئەشەر (1994) دەڵێت: زمانەوانی دادوەری لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی کارەکی، لەو زانیاری و داتا زمانەوانیانە دەکۆڵێتەوە و شیدەکاتەوە کە لەگەڵ ڕوودانی تاوانەکە دێن، بە مەبەستی دەستنیشان کردنی ناسنامەی تۆمەتبار یان تاوانکار .

-فرێزەر (2005) دەڵێت: ئەو زانستەیە کە تەکنیک و تیۆرەکانی دەنگسازی بەکاردێنێت لە گەڕان بەدوای پرسە یاساییەکان و دەستنیشان کردنی ناسنامەی تاوانکار لە میانەی پشکنینی داتا دەنگییە تۆمار کراوەکان، کە لەکاتی ئەنجامدانی تاوان، یان کێشەکە گۆکراون و دەربڕاون.

**بوارەکانی بەکارهێنانی زمان لای لێکۆڵەر:**

١- ڕونکردنەوەی شێوازی کەسێک، کە گومان لە نوسینەکانی دەکرێت لەو نامەیەی،کە پەیوەندی بە تاوانەکەوە هەیە.

٢- پشکنینی بەڵگەی دەنگی تۆمارکراو. بۆ ناسینەوەی ناسنامەی قسەکەر

بە شێوەیەکی گشتی ناسنامەی قسەکەر بە دوو ڕێگە دەناسرێتەوە.

أ- ڕێگەی ناسینەوەی ناسنامەی قسەکەر بە گوێگرتنی ئاسایی (Auditory Identification) لە ڕێگەی تابوری دەنگی کەسی.

**ب- ڕێگەی ناسینەوەی ناسنامەی قسەکەر بە بەکارهێنانی تەکنیکی– Identification)** (Technical Speaker **ئەم ڕێگەیە مۆری دەنگیش لەخۆ دەگرێت** (Auditory Identification).

**٣- یەکێ لە ئەرکەکانی زمان زیاتر لەئەرکەکانی تر بەکاردەهێنێت ئەویش ئەرکی پرسیرکردنە . کاتێک لێکۆڵەر دەست دەکات بە لێکۆڵینەوە لەگەڵ تۆمەتبار هەمیشە دەبێ زمانێکی پرسیار ئامێز بەکار بهێنێت، چونکە لە ڕێی پرسیار کردنەوە دەگاتە ئەسڵی ڕوداوەکە. ئایا لێکۆڵەر بۆچی پرسیاری هەبوون نەبوونی مۆڵەتی چەک هەڵگرتن ئاڕاستەی تۆمەتبار دەکات؟ چونکە چەکی بە مۆڵەت ئەگەر تاوانی پێ بکرێ سزاکەی بە بەراورد لەگەڵ چەکی بێ مۆڵەت کەمترە.**

**٤- شێوازی قسەکردنی لێکۆڵەر: پێویستە لێکۆڵەر بە پێی جۆری کەسایەتی تۆمەتبار زمان بەکاربهێنێ، واتە کاتێک لێکۆڵەر لێکۆڵینەوە لەگەڵ کەسێکی لادێی نەخوێندەوار دەکا وەکو تۆمەتبار دەبێ بە زمانێکی سادە لێکۆڵینەوەکە ئەنجام بدا، یان کاتێک لێکۆڵینەوە لەگەڵ کەسێکی بەتەمەن تر لە خۆی دەکا وەکو تۆمەتبار پێویستە زمانێکی بەرز لە ڕووی ڕێزی کۆمەڵایەتیەوە بە کاربهێنێ، مەبەست ئەوە نییە، کە لێکۆڵەر بۆی هەبێ زمانی زبر بەرامبەر بە تۆمەتباری بە تەمەن بچوک تر لە خۆی بەکاربهێنێ، بەڵکو زیاتر مەبەست چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانە لای لێکۆڵەر .**

**٥- بەکارهێنانی زمانێکی نەرم : بە هیچ شێوەیەک نابێ لێکۆڵەر پەنا بباتە بەر بەکارهێنانی زمانی زبر لە لێکۆڵینەوەدا. پرسیار ئاڕاستەی سەرجەم لێکۆڵەرەکان کراوە ئایا زمانی هەڕەشە بەکار دەهێنن؟ وەڵامیان ئەوە بوو کە یاسا ڕێگەی پێنەداون بە هیچ شێوەیەک زمانێکی توند و هەڕەشە بەرامبەر بە تۆمەتبار بەکاربهێنن، تەنانەت لێکۆڵەر ڕێگە پێنەدراوە بە دەنگێکی بەرزیش پرسیار ئاراستەی تۆمەتبار بکات.**

٦- بەرزی و نزمی دەنگ: بەرزکردندنەوە و نزمکردنەوەی دەنگ لەکاتی لێکۆڵینەوە کردن لەگەڵ تۆمەتبار ڕۆڵی گرنگی هەیە لە زووتر بەدەست هێنانی زانیاری دروست، هەرچەندە لە پێشتر ئاماژەی پێدراوە لێکۆڵەر ڕێپێدراو نییە دەنگ بەسەر تۆمەتبار بەرزبکاتەوە، چونکە دەبێتە هۆی دروست بوونی فشاری دەروونی لەسەر تۆمەتبار، بەڵام هەندێ لە لێکۆڵەران ئەم ڕێگایە بەکار دەهێنن بۆ بەدەست هێنانی زانیاری دروست لەسەر ڕووداوی تاوانکاری . ئەگەر تۆمەتبار جاری یەکەمی نەبێ لە کردەی تاوان، ئەوا دەنگ بەرزکردن لەکاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵی هیچ فشارێک دروست ناکا، چونکە ئەزموونی تاوانکردنی هەیە، ئەزموونی لێکۆڵینەوەکردنیشی هەیە. بەڵام ئەگەر تۆمەتبار جاری یەکەمی بێ ئەوا بەرزکردنەوەی دەنگ لەکاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵی بێگومان توشی فشارێکی دەروونی دەکات و وای لێ دێ زوو دان بەتاوانەکەی دابنێ.

٧- هێز و ئاوازە:   هێز وزەیەکە دەخرێتە سەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی وشە، لەکاتی ئاخاوتندا هێز کە دەخرێتە سەر دەنگێک یان چەند دەنگێک ئەوا دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا. ئاوازە بریتییە لە بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی پلەی دەنگ لەسەرەتا یان ناوەڕاست یان کۆتایی ڕستە.

# فێربوونی زمان :

## أ- فێربوونی زمان لای منداڵ        ب- فێربوونی زمانی دووەم

### تیۆرەکانی فێربوونی زمان لای منداڵ :

منداڵ بەشێوەیەکی گشتی لە تەمەنێکی دیاریکراودا فێری زمان دەبێت، بە تایبەتی زۆربەی لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە پێنجەم ساڵی تەمەنیدا سەرکەوتوو دەبێت لە وەرگرتن و فێربوونی زماندا (جگە لەو منداڵانەی کە دووچاری نەخۆشییەکانی گوتن و ئۆتیزم دەبن).

**زانایان بە تایبەتی دەروونناسەکان لە بابەتی باسکردنی فێربوونی زمانەوە چەند تیۆرێکیان دارِشتووە، بریتین لە:**

**١- تیۆری ئەرکی :**

**ئەم تیۆرە گرنگی بە لایەنی ژینگەی کۆمەلایەتی تاک دەدات. (بیاجێ) ئاماژە بەوە دەدات کە وەرگرتنی زمان دەوەستێتە سەر پەیوەندی نێوان گەشە، پێشکەوتنی مەعریفی، درکپێکردنی تاکەکە، پرۆسە زمانی و نازمانیەکان لە ژینگەی کۆمەڵایەتی تاکەکەدا، هەرچەندە هاوبرِواکانی (بیاجێ) بانگەشەی ئەوە ناکەن کە ئەم تیۆرە لە گەشەپێدانی داهاتی زمانی بە تیۆرێکی تەواو (کامل) دابنرێ لە شیکردنەوەی وەرگرتنی زماندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند لایەنێک لەرِووی چەمکەکان و پەیوەندییە ئەرکییەکان شیدەکاتەوە،لە چۆنیەتی وەرگرتنی زماندا .**

**٢- تیۆری رِەوشتی:**

**ئەم تیۆرە وا بە باش دەزانێ کە منداڵ لە بەرامبەر هەر رِەوشتێکی بەرامبەرەکانیدا ئەویش رِەوشتێک دەنوێنێ، دەبینێ بەرامبەرەکانی هەڵوەستە دەکەن و پێی دڵخۆش دەبن، ئەوا ئەم رِەوشتە لای جێگیردەبێت و دووبارەی دەکاتەوە. (واتسۆن و سکینەر) کە دامەزرێنەری ئەم تیۆرەن، وای دەبینن کە زمان خۆی رِەوشتێکە لە سەرەتاشدا هەر لەسەر بنەمای (کار و کاردانەوە)، واتە رِەوشتەوە دروستبووە. لەسەر ئەم بنەمایە (بلومفیلد) لە دارِشتنی بیرۆکەکانیدا چەمکی زمانی و نازمانی دەهێنێتەوە. رِەوشتییەکان پێیان وایە کە زمان بەهرەیەک نییە لە منداڵدا هەبێ، بەڵکو زمان لای منداڵ لەسەر بنەمای رِەوشتە بەرامبەر رِەوشتێکی بەرامبەرەکانیدا، واتە لەسەر بنەمای (کار و کاردانەوە) دروست دەبێت.**

**ئەو رەخنانەی کە لەم تیۆرە دەگیرێت: ئەگەر پشتگیری دایک و باوک زیاتر لەو وشە و دەربرِینانە بێت، کە بتوانرێ مانا و شتەکە بەرامبەر بکرێ تاوەکو منداڵەکە وەریان بگرێت، ئەی وەرگرتنی رِستە چۆن دەبێت؟ ئەگەر منداڵەکە رِستەکەش دووبارە بکاتەوە وەکو خۆی نایڵێتەوە.**

**منداڵ به شێوەیەکی گشتی هەوڵدەدات زۆر لەو دەربڕینانەی گوێی لێ دەبێت دووبارەی بکاتەوە، جاری واش هەیە خودی ئەو دەربڕینانە خۆیان هەڵەن.**

**هاندان و پشتگیری زیاتر بۆ ئەو وشە و دەربڕینانەن کە واتا بەرامبەر بە شتی بەرجەستە بەراورد دەکرێ، ئەی منداڵ چۆن بە ڕەوشت فێری ئەو دەربڕینانە دەبێت کە بەشتی بەرجەستە نابەسترێتەوە؟**

**تێگەیشتنی زمانی پێش گوزارشتکردنە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو وشە و دەستەواژانەی تێیان دەگات بێ پشتگیرییە.**

**٣- تیۆری درکپێکردن:**

**کاتێک منداڵ گوێی لە پێکهاتەیەکی زمانی دەبێت بۆنموونە: کاتێک گەورەکان نیشانەی (دکە) دەخەنەسەر هەندێ وشە منداڵەکەش هەمان کار ئەنجام دەدات. لەسەر هەمان پێکهاتە زمانییەکە شت دووبارەدەکاتەوە. ئەم تیۆرە پێی وایە کە منداڵ زمان و پێکهاتە زمانییەکان لە ڕێی گریمانە و خەملاندنەوە فێردەبێت، واتە گوێی لە چ جۆرە پێکهاتەیەکی زمانی بێت ئەویش هەوڵدەدات لەسەر هەمان پێکهاتەی زمانی شت دووبارە بکاتەوە، کاتێکیش کارێکی لەو جۆرەی کرد سەیری هەڵوێستەکەی بەرامبەری دەکات سەبارەت بەوەی دەری بڕیووە، ئەگەر لایەنی ئەرێنی تێدابێت ئەوا بە بەردەوامی وشەکان دەردەبڕێ، ئەگەر لایەنی نەرێنیشی تێدابێ ئەوا هەوڵدەدات بە دوای پێکهاتە دەربڕاوەکان بچێ لە ڕێگای خەملاندن و دووبارەکردنەوە. و دواتر بۆی دەردەکەوێت کە لەو گریمانەیە ڕاستی کردووە یان هەڵەی کردووە، ئیتر بەردەوام نابێت و هەڵەکە ڕاست دەکاتەوە. بەپێی ناوەڕۆکی ئەم تیۆرە وا دەردەکەوێ کە ئەم تیۆرەش لە بنەڕەتدا بچێتەوە سەر تیۆری ڕەوشتکاری، چونکە ئەوەی تیۆرەکە باسی دەکات منداڵ بە سەرنجدانی ڕەوشتی خۆی و کاردانەوەی گەورەکان دەتوانێ ڕاستی و ناڕاستی بزانێ. ئەوەی لەم تیۆرە جێی ڕەخنەیە ئەوەیە کە ئایا خەیاڵی منداڵ ئەوندە فراوانە کە بتوانێ گریمانە بۆ چۆنیەتی ئاخاوتنەکانی دابڕێژێ ؟**

**٤- تیۆری سروشتی:**

**منداڵ لەگەڵ لە دایکبوونی توانای فێربوونی زمانی لەگەڵدایە، هەر بۆیە وا دانراوە کە زمان ڕەوشتێکی تایبەت بە ڕەگەزی مرۆڤایەتییە. لایەنگرانی ئەم تیۆرە وای بۆ دەچن کە توانای مرۆڤ لە وەرگرتنی زمان پەیوەستە بە لایەنە بایەلۆژیەکانی مرۆڤ خۆی (ئەندامانی ئاخاوتن، گوێ، سازگە). (چۆمسکی) یەکێکە لەو زمانەوانانەی لە دارِشتنی تیۆرە زمانییەکەیدا گرنگیەکی زۆری بەو لایەنە داوە، چونکە بەلای ئەو زمان بریتییە لە (چالاکی و توانستی مرۆڤ). واتە هەر منداڵێک بە هۆی ئەو دوو لایەنەوە لە توانایدا هەیە لە ماوەیەکی کورت زمانی دایکی وەربگرێت، چونکە منداڵ لەگەڵ لە دایکبوونی توانستی فێربوونی زمانی لەگەڵدایە، دواتر ئەوانیتر لە ژینگەی ئەوکۆمەڵگایە وەردەگرێ کە تێیدا دەژیت. زاناکان دەڵێن وەرگرتنی زمان تەنیا بەلایەنی (توانست) ناتەواوە و پێویستی بە (چالاکی)یە، بۆیە مرۆڤ ئەگەر لە دەرەوەی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی پەروەردە بێت، ئەوا لە وەرگرتنی زمان دادەبڕێت.**

## تیۆرەکانی فێربوونی زمانی دووەم

**فێربوونی زمانی دایک پەیوەندی تێکەڵاوبوونی مرۆڤ بەهەمان ژینگە هەیە، بەڵام فێربوونی زمانی دووەم مرۆڤ پێویستی بە ڕاهێنانێکی زۆر دەبێت چونکە بۆ فێربوونی زمانی دووەم لەناو هەمان ژینگەی کۆمەڵایەتی ناژیت ،کەواتە ژینگەی زمانی خاڵی یەکلاکەرەوەیە لەنێوان زمانی دایک و زمانی دووەم.**

**تیۆرەکانی فێربوونی زمانی دووەم:**

**١- تیۆری هاوشێوەیی و بەرامبەری:**

**ئەم تیۆرە وای بۆ دەچێ، کە لە فێربوونی زمانی دووەمدا زمانی دایک کاریگەری نییە، واتە بەلای تیۆرەکە فێربوون پرەنسیپێکی هاوبەشە جا ئەم پرەنسیپە بخرێتە هەر کام لەم دوو زمانە**

(زمانی دایک، زمانی دووەم). فێربوونی زمانی دایک و فێربوونی زمانی دووەم دوو پرۆسەی تەواو هاوشێوەن لە بنەڕەتدا .

ئەم تیۆرە هیچ گرنگی بەوە نەداوە کە لە فێربوونی زمانی دایکدا منداڵ کە چاو دەکاتەوە بە ژینگەیەکی یەک زمانی ڕادێت، دواتر تێکەڵاو بە هەمان ژینگەی کۆمەڵایەتی و زمانی دەبێت، لەو ژینگەیە گەشە دەکات و گەورە دەبێت و لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی زماندا دەژیت. زۆر ئەستەمە مرۆڤ زمانی دووەم وەک ئەو زمانە زگماکە وەربگرێ، مەگەر لە ماوەیەکی زۆر درێژ و خۆ ڕاهێنانێکی زۆر نەبێ لەسەر زمانەکە.

٢- تیۆری جیاوازی و نا بەرامبەری :

ئەم تیۆرە لە کەموکورییەکانی تیۆری پێشووەوە (تیۆری هاوشێوەیی و بەرامبەری) هاتۆتە ئاراوە، چونکە بە پێچەوانەی تیۆرەکە لەگەڵ ئەوەدا کۆکە کە لە فێربوونی زمانی دووەمدا زمانی دایک کاریگەری زۆری هەیە، چونکە مرۆڤ کاتێ فێری زمانی دووەم دەبێت یان هەوڵ دەدا فێری زمانی دووەم ببێت هەمیشە دەکەوێتە ژێر کاریگەری زمانی یەکەمەوە بەوەی کە ئەو لایەنانەی لە زمانی یەکەمەوە نزیکن بە ئاسایی و بێ کێشە وەریان دەگرێ، بەڵام کێشە و کۆسپ لەو کاتەوە دروست دەبێ کە هەندێ لە پێکهاتە زمانییەکانی زمانی دووەم پێچەوانەی پێکهاتە زمانییەکانی زمانی دایک بن .

لەم حاڵەتەدا زانایان هەوڵیانداوە وەک لایەنێکی سەرەکی لە فێربوونی زمانی دووەمدا ئەو کۆسپانە دیاری بکەن، ئەویش لە ڕێگای بەرامبەرکردنی هەردوو زمانەکە بۆ دۆزینەوەی هاوبەشی و جیاوازی لەنێوانیاندا، تا لە ڕێگای ئەم بەرامبەرکردنە زمانی دووەم فێری ئەو کەسانە بکەن کە دەیانەوێ.

ئەم تیۆرە نەیتوانی ئەوە یەکلایی بکاتەوە کە ئایا زمانەکان جیاوازی و هاوبەشییان هەیە یان جیاوازی و هاوبەشی نێوان زمانی یەکەم و زمانی دووەم تەنیا وەک ڕێگای فێربوونی زمانی سەیر بکرێ،چونکە فێربوونی زمان و دەستنیشانکردنی جیاوازی و هاوبەشی زمانەکان لە چوارچێوەی

زانستی زماندایە و زانستی زمان خۆی پێوە خەریک دەکات، لەکاتێکدا فێبوونی زمان پرۆسەیەکی دیکەیە و لایەنی دەروونی، بایەلۆجی و مەعریفییەکان بەڕێوەی دەبەن.

**٣- تیۆری شیکردنەوەی هەڵەکان:**

تیۆرەکە دەیەوێ بە دوای ئەوەدا بگەڕێ کە هەڵەکە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئایا هەڵەکە لە نەگەیشتنی زانیارییەکانی فێربوونەوە سەری هەڵداوە. ئایا هەڵەکان بە هۆی کاریگەری زمانی دایکەوەیە؟ یان لە خودی پێکهاتە زمانییەکەی زمانی دووەمەوەیە؟ یان هەڵەکە لەکاتی فێرکردنی زمانی دووەم دروست بووە؟ بۆیە زانایان لە هەوڵی ئەوەدابوون تیۆرێکی دیکە لە بەرامبەر تیۆرەکە دابرێژن بۆ پڕکردنەوەی کەم و کوڕییەکانی. تیۆرە نوێیەکە هەڵوەستە لەسەر ئەو هەڵانە دەکات کە مرۆڤ لەکاتی فێربوونی زمانی دووەمدا دەیکات، بەتایبەتی لەو کاتەی دەیەوێ زانیارییەکان بخاتە دووتوێی دەستورەکانی زمانە نوێیەکە. تیۆرەکە دەیەوێ ئەو هەڵانەی مرۆڤ لەو بارەوە دەیانکات پۆلین بکات، هەروەها هۆکاری ئەنجامدانی هەڵەکانیش بدۆزێتەوە بەپێی سروشتی هەڵەکان خۆیان.

**٤- تیۆری فێربوونی بە هەنگاو:**

تیۆرەکە وا بە پێویست دەزانێ بۆ فێربوونی زمانێکی تر جگە لە زمانی دایک بە هەنگاو و بە قۆناغ بێت و هەر قۆناغێکیش تایبەت بکرێ بە ئاستێکی دیاریکراو، چونکە وەرگرتنی زمان لە کاتێکدایە کە زمان سیستەمێکی ئاڵۆزە بۆیە وەرگرتنی ئەستەمە بە یەک پارچەیی، بۆیە پێویستە زمانی دووەم بە قۆناغ وەربگیرێت، تا ئەو کاتەی فێرخوازی زمانەکە دەگاتە ئاستی ئەوەی تەواوی زمانەکە فێرببێت.

**زاناکان چەند ڕێگایەکیان لەو تیۆرانە هەڵێنجاوە وەک شێوازی چۆنیەتی فێربوونی زمانی دووەم، هەر یەکێ لەو ڕێگایانە ڕەهەندی دەروونی، کۆمەڵایەتی و مەعریفی تایبەت بەخۆی هەیە, گرینگترینیان ئەمانەن:**

**أ-ڕێگای کلاسیکی (ڕێگای ڕێزمان وەرگێڕان):**

**ئەم تیۆرە لەوەدایە دەبێ فێرخوازی زمان دەستور و یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی دووەم وەربگرێت و دواتر بە کەرەسەی هەمان زمان دایانبڕێژێتەوە.**

**-کەموکوڕییەکانی ئەم ڕێگایە:**

**١- کاتێ فێرخواز دەیەوێ ڕستەیەک بەو زمانە لەسەر ئەو یاسایانە دروست بکات ، کێشەی ئەوەی بۆ دروست دەبێت کە ئاخۆ ئەم وشەیە لەڕووی ڕێزمانییەوە چ گۆڕانێکی بەسەردا دێت کاتێ دەخرێتە ڕستەوە، بەمەش دووچاری ئاڵۆزی دەبێت، لە کاتێکدا هەڵبژاردنی وشە خۆشی کێشەیە، چونکە کەسەکە نازانێ کە ئایا ئەم وشەیە بۆ ئەم شوێنە دەست دەدات یان نا.**

**٢- ڕێزمان لە ئاخاوتنەوە وەردەگیرێ، ئەستەمە کەسێک بتوانێ لەسەر زانینی ڕێزمان فێری زمان ببێت.**

**٢- گرنگی نەدان بە پەیوەندیکردن،چونکە لەم ڕێگایەدا زیاتر لەبەرکردن ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت.**

**ب-ڕێگای ڕۆنانکاری:**

**ڕێگای ڕۆنانکاری گرنگی بە فێربوونی زمان دەدات بە سێ ڕێگا:**

**ڕێگای ڕاستەوخۆ ، ڕێگای خوێندنەوە ، ڕێگای زارەکی**

**ڕێگای ڕاستەوخۆ : ئەم ڕێگایە هەوڵدەدات لە فێرکردندا وەرگێڕانی زمانی دووەم بۆ سەر زمانی دایک و کاریگەرییەکانی وەلابنێ. ئەم ڕێگایە گرنگی بە فێرکردنی زارەکی دەدات ئەمەش لە ڕێی بەستنەوەی ناو و وشەکە خۆیەوە، تا لەم ڕێیەوە قوتابی فێری ئەو شتانە ببێ کە فێردەکرێ،**

واتە گوێگرتن بنەمای سەرەکییە بۆ فێرکردن. کەموکوڕییەکانی ئەم ڕێگای یە لەوەدایە گرنگی بە لایەنی زارەکی و گوێگرتن دەدات بە بێ بە هەند وەرگرتنی لایەنی زانستی زمان خۆی، واتە شیکردنەوەی زمانەکە لەڕووی زانستی، سەرەڕای ئەمەش لایەنی وەرگێڕانی فەرامۆش کردووە کە لایەنێکی زۆر گرنگە لە فێرکردنی زمانی دووەمدا.

ڕێگای خوێندنەوە: ئەم ڕێگایە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە فێرخواز دەقی جۆراوجۆر بەو زمانەی دەیەوێ فێری ببێ بخوێنێتەوە، بەڵام بەبێ گەڕانەوە بۆ زمانی یەکەمی و وەرگێڕان تا بتوانێ لەم ڕێیەوە وردەکارییەکانی زمانەکە ببینێ.

ڕێگای زارەکی و بیستن و بینراو: ئەم ڕێگایە بە باشترین ڕێگا دادەنێن، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە پێویستە فێرخواز بە گوێگرتن لەسەر زمانەکە ڕابێ، دواتر هەوڵبدات بەو زمانە بدوێ، بۆ ئاسانکاری لایەنی بینین زیاد کراوە بۆ ڕێگاکە بۆ یارمەتیدانی فێربوون.

گرنگی ئەم ڕێگایە لەوەدایە کە فێرخواز بە هەمان ئەو زمانە ڕادێ کە هەوڵدەدا فێری ببێ. ئەم ڕێگایە زیاتر لەسەر بنەماکانی قوتابخانەی ڕۆنانکاری ئەمریکی داهێنراوە، بێگومان ئەم قوتابخانەیەش پێیوایە کە زمان بریتییە لە ئاخاوتن و دەربڕین نەک نوسین و خوێندنەوە. دەڵێن ڕێزمان تەنها بۆ ئاسانکارییە نەک فێربوونی زمان.

**ج-ڕێگای پەیوەندیکردنی بەردەوام :**

فێرخواز ئەو زمانەی دەیەوێ فێری ببێت دەبێت هەمیشە لەپێناو پەیوەندیکردندا وەری بگرێ و بەکاریبهێنێت نەک بۆ فێربوونی ئاستەکانی زمانەکە و ڕێزمان و پێکهاتەی زمانەکە خۆی.

ئەم ڕێگایە لەسەر تیۆری (چۆمسکی) بناغەی دانراوە بەوەی کە دەتوانرێ لەسەر پێکهاتەی چەند بنەمایەکەوە چەندەها ڕستەی بێ ژمار بەرهەم بهێنرێ لەبەرئەوەشە زمان بە ئامرازی پەیوەندیکردن دادەنرێ، چونکە زمان بۆ گوزارشتکردنە لە بوارە جیاجیاکانی ژیان و کۆمەڵایەتی.

_کەموکوڕییەکانی ئەم ڕێگایە:

وا پێویست دەکا ژینگەیەکی زمانی تایبەت بە زمانی دووەم دابین بکرێ و پێویست بە فێرکەری باشیش دەکات. هەموو کەسێ فێری زمانێک دەبێ تەنها بۆ ئاخاوتن و تێگەیشتن نییە، بەڵکو پێویستە فێرخواز ڕێزمانی ئەم زمانەش بزانێ و شیبکاتەوە. ئەو کەسەی زمانەکەی وەرگرتووە ڕێگا و شێوازی تایبەت پێویستە کە بگیرێتە بەر کە تا ئێستا ئەم ڕێگا و شێوازانە دیاریکراونین.

لەئەنجامدا زاناکان باس لەوە دەکەن کە ئەو ڕێگایانە هەموو پێکەوە بکرێنە بنەمایەک بۆ فێرکردنی زمانی دووەم. کە هەریەک لەو ڕێگایانە کەلێنێک پڕدەکەنەوە.

# نەخۆشیەکانی گوتن speech pathology

پرۆسەی پەیوەندیکردن ڕووبەڕووی هەندێ کێشە و کەم و کوڕی دەبێتەوە کە دەبنە هۆی دروست بوونی نەخۆشیەکان ، پێیان دەوترێت (نەخۆشیەکانی گوتن) یان (نەخۆشیەکانی پەیوەندیکردن).

نەخۆشییەکانی ئاخاوتن دووجۆرن:

- نەخۆشیەکانی گوتن ، نەخۆشیەکانی زمان.

## ١- نەخۆشیەکانی گوتن:

هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کەم و کورتی گوتن

-هۆکاری ئەندامی

-هۆکاری نائەندامی (ئەرکی): وەک هۆکاری کۆمەڵایەتی و خێزانی. هۆکاری دەروونی.

هۆکاری هەڵچوونی (انفعال). هۆکاری ژینگەیی. هۆکاری بۆماوەیی.

نەخۆشییەکانی گوتن چەندجۆرێکن:

**أ-نەخۆشیەکانی گۆکردنی دەنگ (کیشە فۆنەتیکیەکان):**

کێشەیان لە بەکارهێنان و دەربڕینی فۆنەکان (دەنگەکانی زمان) هەیە، بۆ نموونە: کەسێک (نەخۆشێک) فۆنیمی کۆتایی وشەیەک دەرنابڕێت یان دەنگەکە دەگۆڕێت بە دەنگێکی تر. زاناکان کۆمەڵێک دەنگیان دەستنیشان کردووە کە ڕووبەڕووی ئەو نەخۆشانە دەبێتەوە یان دەبێتە کێشە بۆیان لە کاتی دەربڕینیاندا، لەوانە: (س، ش، ک،ت،.... هتد) .

**ب-نەخۆشیەکانی چینەکانی دەنگ:**

لەم نەخۆشیەدا گیروگرفتەکان پەیوەستن بە تایبەتمەندیەکانی دەنگ و چۆنیەتی دەنگ، لەوانە: ئاوازەی دەنگ، بەرزونزمی دەنگ، ئەمانەش دەبنە هۆی گڕی زۆری دەنگ یان نزمی زۆری دەنگ یان کپی زۆری دەنگ.

**ج- نەخۆشیەکانی ڕەوانی لە ئاخاوتندا:**

لەم جۆرە نەخۆشیەدا ئاوازە و ڕەوتی گوتن تووشی کێشە دەبێت، دەکرێتە دوو بەش:

**زمانگرتن :** تایبەتمەندی ئەم نەخۆشییە بریتییە لە دووبارەکردنەوەی دەنگ یان بڕگەی وشەکان، واتە نەخۆشەکە بڕگەیەک یاخود دەنگێگ بۆ چەند جارێک لە ماوەیەکی کورتدا دووبارە دەکاتەوە یان وەستان و قورسایی خستنە سەر دەنگێک یان دەنگی یەکەمی بڕگە و وشەکان.

**بەخێرایی قسەکردن:** بریتیە لە نارێکی یان بێ سیستەمی زمانی لەکاتی ئاخاوتندا، تایبەتمەندیەکانی بریتین لە خێراییەکی لە ڕادەبەدەر لە کاتی قسەکردندا، نارێکی لە ڕستەکاندا،فرتاندنی دەنگێک یان بڕگەیەکی وشەکان، تەواو نەبوونی لایەنی فۆنەتیکی دەنگ.

**٢-نەخۆشییەکانی زمان:**

لەم نەخۆشیانەدا کێشەکە لە گوتندا نییە، بەڵکو لە توانستی زمانیدایە کە ناتەواوی یان نەبوونی تێگەیشتنیان هەیە، دووبەشن:

**١- دواکەوتنی گەشەی زمان:**

**لەم نەخۆشیەدا منداڵ درەنگتر لەکاتی ئاسایی خۆی دەست بەقسەکردن دەکات، لەزۆربەی حاڵەتەکانیشدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە تێگەیشتنی منداڵ (نەخۆشەکە) کەمترە لە ئاست تەمەنەکەی خۆی، ئەمیش چەند هۆکارێکی جۆراوجۆری هەیە وا دەکات ئەم نەخۆشییە سەر هەڵبدات:**

**هۆکاری بۆماوەیی ، بەکارهێنانی دەرمان لەلایەن دایکەوە لەکاتی دوو گیانیدا، کەم توانایی لە بیستن (تێکچونی ئەندامانی بیستن)، کەم ئەقلی، ئۆتیزم.**

**٢- ئەفازیا:**

**ئەفازیا فەوتانی تەواو یان بەشێک لە توانای تێگەیشتنە (تێگەیشتنی واتای زمان، ئاخاوتن) جا ئەم ئاخاوتنە چ بە شێوەی بیسراو بێت یان نووسراو جیاوازی نییە، ئەمەش پەیوەندی بە زیرەکییەوە نییە. لە جۆرە جیاوازەکانی ئەفازیادا هەمیشە تێکچوونێکی دیاریکراو لە مەڵبەندێک لە مەڵبەندەکانی مێشک هەیە کە دەبێتە هۆی لە دەستدانی توانای پەیوەندیکردن، واتا هێماکانی پەیوەندیکردن ناناسێتەوە. زاراوەی (ئەفازیا) بۆ مرۆڤی گەورە بەکاردێت بەڵام بۆ منداڵی نزیک تەمەن شەش ساڵی زاراوەی (دیفازیا) بەکاردێت، کە لە شێوەی گەشە نەکردنی تەواوی زمان بەدەردەکەوێت. شایانی باسە منداڵی توشبوو بە (دیفازیا) دەتوانێ قسە بکات و مەبەستی خۆشی بگەیەنێت، بەڵام وشە و یەکەی زمانی (ڤاکۆبلەری) سنوردارە .**

## فەرهەنگناسی:

**زاراوەی فەرهەنگناسی (لێکسیکۆلۆجی):**

فەرهەنگناسی شارەزاییبوونە لە فەرهەنگ لایەنی ئەو زانیارییانەی کە پێویستە لە زانستی فەرهەنگ و ناوەڕۆکی فەرهەنگەکە.

زاراوەی فەرهەنگناسی (لیکسیکۆلۆجی) لێکسیک واتە ((فەرهەنگ لە lexicon وەرگیراوە)) logy بەواتای زانست ، لێکۆلینەوە دێت ، کەواتە لێکسیکۆلۆجی واتە فەرهەنگزانی. فەرهەنگزانی بەواتای زانینی فەرهەنگ دێ ، فەرهەنگناسی بەواتای ناسینی فەرهەنگ دێ.

((زانستی فەرهەنگە ،لە پێکهاتەو واتای وشەکان دەکۆڵێتەوە))(حکمت کشلی ٢٠٠٢:٥)تطور المعجم العربي من مطلع القرن التاسع عشر من عام 1950

((لێکۆلینەوەیە لە فۆرم و مێژوو و واتای وشەکان))( Thompson,1998:456) .illustrsted Oxford Dictionary.Oxford University

زاراوەی فەرهەنگسازی(لێکسیکۆگرافی) :

لایەنی هونەری فەرهەنگە، لایەنی دەرەوەی فەرهەنگە لەرووی قەبارەو جۆرو چۆنیەتی و چاپەوە.

واتە لە قۆناغی یەکەم فەرهەنگنوسان دەبێ شارەزاییان لە فەرهەنگناسی هەبێ ئینجا لە قۆناغی دووەم شارەزاییان لە فەرهەنگسازی هەبێ کە بە شێوەیەکی هونەری فەرهەنگەکە دێتە ئاراوە.

کەواتە لە بەرامبەر فەرهەنگناسی (لێکسیکۆلۆجی ) ،زاراوەی فەرهەنگسازی ( لێکسیکۆگرافی ) Lexicogaphieمان هەیە، کە گرنگی بە دروستکردنی فەرهەنگ دەدات لە رووی جۆر و پێکهاتە و ڕێگاکانی ئامادەکردنی. لێکسیکۆگرافی تایبەتە بە ئامادەکردنی فەرهەنگ بۆیە باشتر وایە بە فەرهەنگسازی ناوی ببەین.

زاراوەی فەرهەنگ :

فەرهەنگ وشەیەکی کوردی کۆنە (جەمال نەبەز لەوتارێکیدا کە لە نوسەری نوێ ژمارە ١٩ کانونی یەکەم٢٠٠١ لاپەرە٦٠ بلاوکراوەتەوە بەناونیشانی (بەبۆنەی سمیناری قاموسی کوردیەوە لە هەولێر)

دەڵێ: وشەیەکی کوردی کۆنە لە فرەهەنگەوە هاتووە (فرە) بەواتای زۆر و زەبەنگ دێ (هەنگ، سەنگ) بەواتای گرانی و نرخ و برِ دێ. بەرپەرچی ئەوانە دەداتەوە کە دەڵێن وشەیەکی فارسییە ئەسلی وشەکە دەگەڕێنیتەوە بۆ کوردی، ڕاستە فارسەکان بەکاری دەهێنن بەڵام فارسەکان لە کوردیان وەرگرتووە. هەروەها دەڵێ بە واتای (کەشکۆل)(کەلتور)دێ ئەگەر فەرهەنگ بۆ کەلتور بەکاربێ ئەوا (وشەنامە) بۆ فەرهەنگی وشەکان بەکاربهێنرێت. بەئەڵمانیش(ڤۆیرتەربووخ) واتە پەرتووکی وشە کە بە کوردییەکەی (وشەنامەیە)

لەزمانی کوردی چەندین زاراوەی تر بەکاردێ( قاموس، وشەنامە ،فەرهەنگۆک)

قاموس: وشەیەکی یۆنانییە لە زمانە ئۆرپییەکان بە واتای(مەلبەندی زانستگەیی) دێت عەرەبەکان ئەو وشەیە بۆ نێرینەی زەریا بەکاردەهێنن (محیط) زەلزەریا

کەواتە فەرهەنگ ئەو کتێبەیە، کە وشەکانی زمانێکی دیاریکراوی تێدایە و بە پێی ئەلفبێی زمانەکە یان سیتەمێکی تر وشەکانی ڕێزکراوە و واتاکانی لێکدراوەتەوە، بەهەمان زمان یان زمانێکی تر زانیاری لەبارەی وشەکان دراوە.

**ئەم فەرهەنگانەی کە بە تاکە زمانێک نووسراوە ئەم زانیارییانەی خوارەوەی تێدایە:**

-شێوەی نووسینی وشە.

-شێوەی گۆکردنی وشە.

-جۆری وشەکان وەک : ناو، کار، .....

-شێوەی رۆنان وەک : ناوی بکەر، ناوی بەرکار،

-ئەو پێشگر و پاشگرانەی کە پێوەی دەلکێت.

-گۆڕانی وتاکە بە پێی مێژوو.

-واتای کۆن و نوێ ی وشەکە.

-واتای مردووی وشەکان.

-واتای لە زارە جیاجیاکان یان ئەو وشانەی کە بۆ بابەتێکی دیاریکراو بەکاردێت.

**یەکەکانی ناو فەرهەنگ:**

**١- لێکسیم Lexeme :**

**یەکەیەکی نابەرجەستەیە دەکرێت ببێتە هەوێنی دەستەیەک لە وشە . لەزمانی ئینگلیزی بۆ جیاکردنەوەی وشەو لێکسیم ، لێکسیم بە پیتی گەورە دەنووسرێ وشە بە پیتی بچووک . بۆنموونە:**

CUT **لێکسیمە** Cut **وشەیە .**

**فۆرمی وشە: واتە ئەو وشانەی کە لە ڕستە و دەقەکاندا بەکاردێت.**

**کەواتە لێکسیم لە چەمکی نابەرجەستەییدا بەرامبەر بە مۆرفیم دەوەستێ واتە هەردووکیان نابەرجەستەن. وشەش لە ڕووی بوونی فیزیکی بەرامبەر بە مۆرف دەوەستێ.**

**لێکسیم : واتە ئەو وشانەی کە لە فەرهەنگدا بەکاردێن.**

**لێکسیم: بچوکترین کەرستەی (یەکەی) زمانی سەربەخۆیە بەتەنیا واتایەک دەبەخشێ لە زماندا ، خاوەن واتایەکی فەرهەنگییە واتە لەناو فەرهەنگدا تۆمار دەکرێت. دەشێ سادە یان دارژاو یان لێکدراو بێ... یاخود لە شێوەی گرێ یان ئیدیەم بن ..... بۆنموونە:**

**ژیان (لێکسیم) بەڵام (ژیان ، ژیا، دەژیا ، ژیاوە ، بژی...) ئەمانە وشەن(لیکسیک) واتە هەموو ئەو وشانە سەر بە لێکسیمی (ژیان) ن واتە (لیکسیک) وشەیە .**

**لیکسیک: بریتییە لە شێوە جیاوازەکانی لێکسیم بۆنموونە :**

**ڕۆیشتن، دەڕوات، برۆ، دەڕۆیشت..... ئەمانە سەر بە لێکسیکی (ڕۆیشتن)ن.**

**کەواتە لێکسیم دەچێتە ناو فەرهەنگەوە بەڵام مەرج نییە لێکسیک(وشە) بچێتە ناو فەرهەنگەوە چونکە لە هەندێ فەرهەنگدا لە پێشەکی فەرهەنگەکە ئاماژە بە یساکانی ڕێژەی کار کراوە واتە هەموو ڕێژەیەکی کار ناچێتە ناو فەرهەنگەوە. تەنها لێکسیمەکە و (( وشە ناوازەکان)) ی ئەم لیکسیمە تۆماردەکرێت بۆنموونە : ڕۆیشتن و دەڕوات و بڕۆ تۆمار دەکرێ لە فەرهەنگ چونکە ڕۆیشتن لیکسیمە دەڕوات و بڕۆ لە یسا لایداوە واتە(شازە).**

**ئەگەر واتاکە گۆڕا ئەوا واتە ئەگەر جیاوازی دروست بوو لە واتاکەی ئەوا بە یەک وشە بە چەند لیکسیمەک دەنوسرێ. وەک دوو لێکسم مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. بۆنموونە**

**ئاوڕەنگ: دوو یان چەند کەسێک لە یەک ڕەنگن.**

**ئاوڕەنگ: هەرچی لە ڕەنگی ئاو بێ.**

**ئیدیەم:**

**بریتییە لەو تێکچراژانەی کە لە دوو وشە یان زیاتر پێکهاتووە کە واتاکەی لە واتای کەرتەکان یان پەیوەندی ڕێزمانی ئەم کەرتانە پێشبینی ناکرێت. ئیدیەم واتای فەرهەنگی وشەکان وەردەگرێت و بۆ مەبەستێکی تری دەبات. بۆنموونە:**

**سک سوتان واتای فەرهەنگی خۆی کە سک سوتانە ئەو واتایە نادات بەڵکو هەردووکی بەیەکەوە واتایەکتریان هەڵگرتووە وەک (منداڵی مرد).**

- **لێما** Lemma :

**لێما بنکەی وشەیە وەک ڕەگ یان سادەترین فۆڕم وەک: ناوی تاک ، چاوگ.. لە فەرهەنگ ئەوانە بە ڕەنگی تۆختر یان بە شێوازی نوسینی جیاواز دەنوسرێن. کە پێویستە لە سەرەتای فەرهەنگەکە ئاماژەی پێبکرێت وەک یاساکانی گەردانی کردنی کار ، نیشانە کۆ و ناسراوەکان ، نیشانەکانی ئاوەڵناو ... تەنها ئەوانەی لەویاسایە دەرچوونە دێنە ناو فەرهەنگەکە.**

**٣- زاراوە:**

**زاراوە ڕێکەوتنە لەسەر واتای وشەیەک بۆ شتێکی دیاریکراو کە پێشتر ئەو واتایەی نەبووە، لەگەڵ واتای فەرهەنگیەکەی یەک ناگرێتەوە ، زاراوە جۆرێکە لە وشە کە تایبەتە بەبابەتێک لە بابەتەکانی زانست و زانیاری و ڕۆشنبیری. هەموو زاراوەیەک وشەیە بەڵام هەموو وشەیەک زاراوە نییە.**

**١- زاراوە جۆرێکە لە وشە .**

**٢- زاراوە بەشێکی دیاریکراو لە کۆمەڵانی خەلک سازی دەکەن.**

**٣- زاراوە وشەیەکی نوێیە دوو واتا یان زیاتری هەیە.**

**٤- زاراوە گواستنەوەی وشەیەکە لە واتایەک بۆ واتایەکتر.**

**پەیوەندی فەرهەنگناسی بە زاراوە: لەناو فەرهەنگ لێکسیم هەیە و لێکسیک هەیە و لێما هەیە و زاراوەش هەیە بەڵام جیاوازییان ئەوەیە زاراوە وشەیەکی نوێیە دەستەیەک لە خەلک دایدەنێن بەیەکەوە و زیاتر تایبەتە بە زانستێک، کەچی لیکسک بەرهەمی هەموو خەلکە نەک تاقمێک لە خەلک. لە لێکسیک گواستنەوەی واتالی تێدانییە لە وشەیەک بۆ وشەیەکتر ، بەڵام گواستنەوەی واتا لە زاراوە مەرجێکی سەرەکییە.**

## جۆرەکانی فەرهەنگ: لەڕووی روخسارەوە:

### ١- فەرهەنگی زمانی نەتەوەیی:

**ئەم جۆرە فەرهەنگەیە کە لەنێو زمانی نەتەوەییە دەکرێت دیالێکتە جیاوازەکانی زمان, وەک فەرهەنگی کوردی- کوردی بە هەردوو بەشە دیالێکتی کرمانجی خواروو- هەورەمانی.**

**فەرهەنگی (خاڵ)ی (کوردی ـ کوردی) لە ساڵی ١٩٦٠- ١٩٦٤ چاپکراوە لەلایەن (شێخ مەحمەدی خاڵ) دانراوە.**

**٢-فەرهەنگی زمانی نەتەوەیی ـ بیانی:**

**ئەم جۆرە فەرهەنگەیە, کە لەنێوان دوو زمانی جیاواز نووسراوەتەوە,واتە بەرامبەرەکەی بەیەکێ لە زمانەکانی جیهان نوسراوەتەوە وەک: فەرهەنگی(کوردی — روسی)**

**بۆنموونە : فەرهەنگی (کوردی- ئینگلیزی) کە لەلایەن تۆفیق وەهبی و س.ج ئەدمۆندز لە لەندەن نوسراوەو بڵاوکراوەتەوە.**

**(ئەستێرە گەشە) (کوردی- عەرەبی) فازل نیزام الدین.**

**٣-فەرهەنگی زمانی (بیانی — نەتەوەیی):**

**ئەم جۆرە لە نێوان دوو زمان دایە بەیەکێ لە زمانەبیانییەکان دەنوسرێ بەرامبەرەکەشی بە زمانی نەتەوەیي تۆمار دەکرێت. واتە بە پێچەوانەی جۆری دووەمیانە وەکو فەرهەنگی ( ئینگلیزی - کوردی)**

**بۆنموونە : فەرهەنگی خەبەرنامە ، (ئەرمەنی-کوردی)لەلایەن (سەمەندێ سلبەند ئارامێ چاچان) لە یەریڤان لەساڵی ١٩٥٧ بڵاوکراوەتەوە ٢٣ هەزار وشەی بەخۆیەوە گرتووە.**

**جۆرەکانی فەرهەنگ لەڕووی ناوەڕۆکەوە:**

**١- فەرهەنگی گشتی:**

**ئەم فەرهەنگە گرنگی بە جۆری وشە دەدات واتاکەی لێکدەداتەوە و سەرچاوەی پەیدابوونی وشەکەو پێناسەیان دەکات لایەنی ڕێزمانییەکەی: کارە ، ناوە ، هاوەڵناوە...... لێکدراوە ، دارژاوە....چۆن لە رستە بەکاردێ دەوری لە رستە چییە. فەرهەنگی گشتی کە فەرهەنگێکی دوانەییە وشەکانی زمانێکی زگماک بە زمانێک یان چەند زمانێکی بیانی دەخاتەڕوو و روونیان دەکاتەوە بەو شێوازەی کە لەسەرەوە باسمان کرد، یان بە پێچەوانەوە بە کەرسەی زمانی بێگانە زمانی زگماک لێکدەدرێتەوە.**

واتە ئەو جۆرە فەرهەنگەیە کە زۆربەی بوارە جیاجیاکان لە خۆ دەگرێت کە وشەو زاراوەکانی تێدا کۆدەکرێتەوە و لێکدەدرێتەوە.

**٢- فەرهەنگی زمانی:**

وشەکانی زمان ڕووندەکاتەوە و شوێنەکانی لە بەکارهێنان دەخاتەڕوو.

**٣- فەرهەنگی ئیتمۆلۆجی :**

لەسەرچاوەی پەیدابوون یان وەرگرتنی وشەکانی زمان دەکۆلێتەوە و لەم جۆرە فەرهەنگە دەیانخاتە ڕوو ، واتە بنج و بنەوان و شێوە و بنچینەی وشەکان دەخاتەروو واتە (مێژوویيە): لە چۆنیەتی پەیدابوونی و پەرەسەندنی واتاکانی چەند گۆرانی بەسەرداهاتووە تا ئێستا وە سەر بەکام لقەزمان بووە و پەیوەندی بەو لقە زمانە چییە. بۆنموونە:

وشەی نایاب لە دوو مۆرفیم (نا) نەرێ و (یاب) ڕەگی (یافتن) واتە دۆزینەوە فارسییە، وشەی نایاب واتە نادۆزێتەوە دەدات واتە دەگمەنە.

- بەدوای بنچینەی وشەکە دەگەڕێن کە سەر بەکام لقە زمانە.
- وە بەدوای وشەکە دەگەڕێن ئایا وشەکە مردووە یان وشەی نوێی زمانەکەیە.

**٤- فەرهەنگی تایبەتی (پسپۆری)**

ئەم جۆرە تایبەتە بە وشە و زاراوەکانی بوارێکی تایبەت و دیاریکراو بۆ نموونە فەرهەنگی سیاسی یان پزیشکی. تایبەتە بە وشە و زاراوەکانی پسپۆرییەکی تایبەت وەک : پزیشکی و دادوەری و وەرزشی و...هتد بۆنموونە: فەرهەنگی دیوانی شاعیران، نالی، سالم ، کوردی هەندی وشەی تایبەتی شاعیرانیان لیکدایتەوە ، (فەرهەنگی کوشتوکاڵ) ١٩٧٢-١٩٧٣ ئەوفەرهەنگە فۆلکلۆریە زیاترلەوەی زانستی بێت نوسەر چەند هێمایەکی لەسەر وشەکان داناوە تا بزانرێت کە ئەو وشەیە

سەر بە چ ناوچەیەکە. نوسەر توانیویەتی هەزار وشەی کوردی لە نەمان بپارێزێت. (حەمەسالح فەرهادی)٢٠٠٧ چەپکێک لەزاراوەگەلی کشتوکاڵی لەبڵاوکراوەکانی کۆری زانیاری کورد

.**_هەروەها فەرهەنگی بابەتیش_** لقەکە یان جۆرەکە لە فەرهەنگی تایبەتی ، لە یەک فەرهەنگدا وشەکانی بە پێی واتا رێکدەخات، واتە بە پێی بوار وەک بواری رەنگ، بواری لێنان، بواری خزمایەتی... هتد

## ٥- ئینسکلۆپیدیا:Encyclopedias

(زانیاری نامە) سەرچاوەیەکی گەنجینەییە لە رێگایەوە دەتوانین بە خێرایی کورتە شارەزاییەکی گشتی وەربگرین، چونکە زانیارییەکی زۆری تێدایە، ئنسکلۆپیدیا زۆرترین زانیاری لە بارەی ڕووداو و مێژوو و کەسایەتییەکان لە خۆدەگرێت. واتە زانیاری وەرناگیرێت لەبارەی وشەکە لەرووی پێکهاتەو بنچینەی وشەکەو چۆنیەتی بەکارهێنانی وشەکە ئایا ناوە کارە بەلکو زانیاری و روونکردنەوە لەبارەی ئەو دیاردەیە دەدات کە دابەشی سەر چەند بوارێکیان دەکات بۆ نموونە هەموو زانیارییەک لەبارەی (فرۆکە) یان ئۆقیانوس ، دەریاکان .هەموو ساڵێکیش زانیاری نوێی بۆ زیاد دەکرێت، لە فەرهەنگ گەورترە لە رووی ژمارەی وشەوە، گشتگیرە لە رووی زانینەوە روونکردنەوەی زیاتری تێدایە لە وێنە و هێلکاری...هتد. بەناوبانگترین ئینسکلۆپیدیا ئەمانەی خوارەوەن: ئینسکلۆپیدیای ئەمریکی Encyclopedia Americana و ئینسکلۆپیدیانی بەریتانی Encyclopedia Britannicaو ئینسکلۆپیدیانی نێودەوڵەتی نوێ New International Encyclopedia

## ٦- فەرهەنگی وێنەیی:

لەم جۆرە فەرهەنگەدا ئەو وشانە کە تایبەتن بە بابەتێکی دیاریکراو لە رێگەی کۆمەڵە وێنەیەک ڕووندەکرێنەوە دواتر ژمارە دەدرێتە هەر بەشێکی وردی وێنەکە، وشەی گونجاویش لە بەرامبەر

ژمارەی هەربەشێکی وێنەکان دادەنرێت. بیرۆکەی ئەم کارە بۆ زمانناسی ئەڵمانی (دودن ) دەگەڕێتەوە، دوای ئەوەی تێبینی کرد کە زۆربەی وشە نامۆکان بەرجەستەن نەک واتایی.

**ئەرکی فەرهەنگ:**

ئەمانەی خوارەوە گرنگترین ئەرکی فەرهەنگە:

-پێدانی واتای وشە

-نیشاندانی رێنووس

-بنچنەی دارشتن و داتاشینی وشەکان.

-پێدانی زانیاری وشەسازی و رێزمانی.

-خستنەڕووی زانیاری بەکارهێنان.

-خستنەڕووی زانیاری ئینسکلۆپیدایی.

فەرهەنگەکان بە پێی ئاستی زانین و پێداویستییەکان ئامادە دەکرێت بۆ نموونە فەرهەنگی قوتابی قۆناغی سەرەتایی دەبێت وێنەی روونکردنەوەی تێدابێت و جگە لەمەش قەبارەکەی بچووکبێت، تاکو بە ئاسانی هەڵبگیرێت، جگە لەمەش هەندێ فەرهەنگ بۆ پسپۆرییەکی تایبەت دادەنرێت، هەندێکی تر دەبینین بە یەک زمان دادەنرێت و هەندێکی تر بە دوو زمان یان زیاتر تاکو پێداویستییەکان بێنێتە دی .

## فەرهەنگی کوردی:

کورد مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە لەگەڵ فەرهەنگ و دەتوانین ( نەوبەهار ) ی شاعیری گەورەی کورد ئەحمەدی خانی بە یەکەم فەرهەنگی کوردی دابنێین، یەکەم کاری کورد لە بواری فەرهەنگدا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەهەم (١٦٨٢-١٦٨٣) کە یەکەمین فەرهەنگی کوردی (نەوبەهار) ، ئەم فەرهەنگە بریتی یە لە فەرهەنگێکی بچووک کە بە (زمانی عەرەبی- کوردی) بە دیالێکتی کرمانجی

**سەروو نوسراوەتەوە و زیاتر بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی نووسراوە نەوەک خزمەتکردنی زمانی کوردی، هەروەها بەشێوەی هۆنراوەیی نووسراوە. ئەم فەرهەنگەی بۆ منداڵانی کورد داناوە بۆ ئەوەی فێری زمانی عەرەبی ببن.**

**- پ،س، پالاس، ساڵی ١٧٨٧ز لە کتێبی (فەرهەنگی بەراوردی هەموو زمان و شێوەکان)دا ٢٧٣ وشەی بەدووسەد زمانی ئەورپایی و رۆژهەڵاتی هەمبەرکردوون کە (کوردی) یەکێکە لەوان.**

**فەرهەنگی شێخ مارفی نۆدەیی دێ بە ناوی (ئەحمەدی) کە لە ساڵی (١٧٩٥)ز نووسراوە، ئەمەشیان هەر بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی یە کە فەرهەنگێکی (عەرەبی- کوردی)یە.و لە ساڵی ١٩٢٧ لە چاپخانەی زاری کرمانجی لە رەواندوز چاپکراوەتەوە.**

***<u>ئەم فەرهەنگەی (شێخ مارف نۆدەی) و فەرهەنگەکەی نەوبەهاری (ئەحمەدی خانی) بەشێوەی شیعر بوونە.</u>***

**لەماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا هیچ فەرهەنگێکی کوردی نابینینەوە کە خاوەنەکەی کورد بێت، تەنیا لەو سەردەمە رۆژهەڵاتناسەکان ئەوانەی لەو ناوچانە مابوونەوە وەکو (مێجەرسۆن) لە ساڵی (١٩١٣) لە لەندەن فەرهەنگێکی (ئینگلیزی- کوردی) نووسیوە.**

**ساڵی ١٩٩٠ (هەنبانەبۆرینە)ی هەژاری موکریانی (کوردی-کوردی-فارسی) . لەپێشەکیەکەی نووسویەتی ئێمە لەبەر نەبوونی فەرهەنگ هەزاران زاراوەو وشەی رەنگین و بەنرخ و سەنگینمان لەگەڵ گۆرانی زەمانە لەدەست داوە چونکە بۆمان نەنوسراوەتەوە.**

**فەرهەنگی سەردەمیانە : فەرهەنگەکەی (قامووسی زبانی کوردییە) لەلایەن عەبدولرەحمانی زەبیحی کە لە ساڵی ١٩٨٨ چاپکراوە .**

**<u>فەرهەنگی ریشەی وشەی کوردی</u> لەلایەن فەرهەنگنووسی مەهابادی <u>عەلی نانەوازادە</u> فەرهەنگنووس,نووسەر و وەرگێڕی کورد ساڵی ١٩٦٠ لە شاری مەهاباد لە دایک بووە و ئێستاکە لە تاراوگە دەژی و نیشتەجێی وڵاتی سویدە.**

گرینگترین پڕۆژەی ناوبراو بریتییە لە فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردی"کە هەتا ئێستا ٥ بەرگی لێ بڵاو بووەتەوە.

فەرهەنگی هەرمان.(٢٠٠٥) بەرگی یەکەم. هەولێر.

فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردی(٢٠١٧).بەرگی یەکەم. سوید. ستۆکهۆڵم .

بەردەوام بوو تا (٢٠٢١). بەرگی پێنجەم.سوید. ستۆکهۆڵم.

## سەرچاوەکان


١- د.عبدالواحید مشیر دزەیی، پرۆگرامی زمانەوانی دەماری،٢٠١٣

٢- د.عبدالواحید مشیر دزەیی،زمانەوانی گشتی،٢٠٢١ .

٣-زمانەوانی کارەکی بەرگی یەکەم و بەرگی دووەم ، نەریمان عەبدوڵا خۆشناو ٢٠١٦.

٤ -محمد محمد یونس علی وەرگێرانی نەریمان عبدولا خۆشناو ، دەروازەیەک بۆ زمانەوانی (2010) چاپی یەکەم.

٥- عبدوالواحید مشیر دزەیی, زمانەوانی دەروونی , چاپخانەی ئاوێر , چاپی یەکەم , هەولێر, 2015..

٦-فردیناند دی سوسێر ،کۆرسێ لە زمانەوانی گشتی ٢٠١٨ وەرگێرانی نەریمان عەبدوڵا خۆشناو.

٧ -تالیب حوسێن عەلی , زانستی زمان و زمانی کوردی , چاپخانەی ڕۆژهەڵات , هەولێر , 2014.

٨ -محمد معروف فەتاح, زمانەوانی , چاپخانەی حاجی هاشم, چاپی دووەم, هەولێر, 2011.

٩ -یوسف شەریف سەعید , زمانەوانی , چاپخانەی ڕۆژهەڵات , چاپی یەکەم, هەولێر, 2011.

١٠- - تالیب حوسێن عەلی ، زمان و تایبەتمەندییەکان 2014 ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

١١- د. عبدللە حوسێن رەسول ، چەند باسێکی وردی زمانەوانی کوردی ٢٠١٥.

١٢ -سەلام ناوخۆش, زمانناسی و هەندێ بابەتی زمانناسی کوردی, چاپخانەی منارە, چاپی دووەم, هەولێر,2010.

١٣ -عەبدولمەناف ڕەمەزان،ئەتڵەسی زمانی (هەرێمی کوردستان بە نموونە)،چاپی یەکەم،چاپخانەی سپیرێز،دهۆک،2011.

١٤- عەبدولڕەحمان حاجی مارف،فەرهەنگی زمانناسی ،چاپخانەی ناوەندی ئاوێر، چاپی دووەم ، هەولێر ،2014.

١٥ -غازی عەلی خورشید، زمان و زمانی ستاندارد، گۆڤاری ئاسۆ ، ژمارە (1528)، 1984.

١٦- -محمد على الخولى, معجم علم اللغه النظرى , بيروت ,1982.

١٧- محمد على الخولى, معجم علم اللغه التكبيقى, بيروت ,1986.

١٨- The Study of Language ,George Yule, Cambridge University Press,5 edition.

١٩- سەلام ناوخۆش ، نەریمان عبدولا خۆشناو ، زمانەوانی بەرگی هەشتەم ، (2011) ، چاپخانەی رۆژهەلات هەولێر.

٢٠- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، زمانەوانی , بەرگی (1,2,3) چاپخانەی ئاوێر, هەولێر , 2010